**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (1 ) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (23)ی رۆژی 2012/5/27 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( 10 )ی ساڵی 2013

## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە ( 18 )ی ساڵی 1999

### ماددەی یەکەم:

ماددەی (5)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** داهاتەکانی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێن:

1ـ ئابونەی بەشداربوونی پارێزەران لە سندوقدا.

2ـ ئەو پوولانەی تایبەتن بە سندوقەکە.

3ـ (15٪)ی ئەو مزوکرێیەی بەپارێزەر دەدرێ لەو دەعوایانەدا کە لیژنەی بەشکردنی دەعواکان بەپێی یاسای پارێزەرایەتی پێی دەسپێرێ.

4ـ بەخششە جۆراوجۆرەکانی بە رەزامەندی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان.

5ـ دەستگیرۆیی و یارمەتییەکانی حکومەتی هەرێم.

**دووەم:** لە حاڵەتی ڕوودانی کورتهێنان لە سندوقدا ئەوا وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم پڕکردنەوەی کورتهێنانی سندوقەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

### ماددەی دووەم:

بەندی (1)ی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (6)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:**

1– ئابوونەی ساڵانەی ئەندامێتی بەگوێرەی ماوەی تۆمارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە لە پارێزەر وەردەگیرێت:

أ- (100.000) سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێنەپەڕی بێت.

ب- (250.000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی سێ ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

جـ- (300.000) سێ سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی پێنج ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

د- (350.000) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی دە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

هـ- (400.000) چوار سەد هەزار دینار ئەگەر ماوەی پازدە ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

و- (450.000) چوار سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر ماوەی بیست ساڵ بەرەو سەر بەسەر تۆمارکردنی تێپەڕی بێت.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی (15)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت و لەسەر بنەمای (6.000) شەش هەزار دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی دوایین مانگ بە مانگێکی تەواو هەژمار دەکرێت. بەمەرجێك مووچەکە لە (1.800.000) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** مووچەی خانەنشینی ئەو پارێزەرانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا خانەنشین کراون هەموار دەکرێت و مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (3.000) سێ هەزار دینار بۆ هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی و بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی دوایین مانگ بە مانگێکی تەواو هەژمار دەکرێت.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی (16)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

مدەکرێت مافە خانەنشینیەکانی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینیی تر بە چاوپۆشین لە سەرچاوەکەی کۆبکرێنەوە بەمەرجێك کۆی گشتیان مانگانە لە (1.800.000) یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

لەپێناو بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پارێزەری خانەنشینکراو، یان ئەوەی خانەنشین دەکرێت، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 13ی سالی 2013 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.